

# لە دژی سزای لەسێدارەدان

ڕۆزا لۆكزامبۆرگ
لە فارسیەوە: تەرزە تۆفیق



بۆ ئەو زیندانییە سیاسیانەی، کە کەوتنە بەرلێشاوی سیستەمێکی کۆن، ئێمە نە ئارەزووی لێبووردنمان بوو، نە چاوەڕوانی میهرەبانی و گەورەیی. ئێمە داوای مافی ئازادی و بوونی وجود و شۆڕشمان، بۆ سەدان مرۆڤی بە ئەمەک و چاونەترس و وەفادار دەکرد، کە لە گرتووخانەکان و بنکە پۆلیسییەکان هاوار و ئازاریان ئەکێشا، بەهۆی ئەوەی، کە لەژێر سیستەمێکی دیکتاتۆرانەی، تاوانبارانی ئیمپریالیستی پێشوو بۆ مرۆڤەکان، ئاشتەوایی و سوسیالیزم لەجەنگدا بوون. ئێستا ئەوان هەموویان ئازادن، ئێمە جارێکی تر خۆمان لە نیشانە و پلەکانەوە ئامادەدەکەین بۆ خەبات.

ئەم دارودەستەیەی «شەیدمەن» و هاوپەیمانە بۆرژواکەی لەگەڵ «مێکس» ـ پرێنس بادەن ـ لە پلەی ڕابەرایەنیدا نەبوون، ئێمەیان ئازاد کرد. ئەوە شۆڕشی پرۆلیناریی بوو، کە دەرگا ئاکەکەسەکانی بەڕووی ئێمەدا کردەوە، بەڵام چینێکی تر هەن نیشتەجێی ئەو کۆشکە تاریک و ترسناکانەن و بەتەواوی فەرامۆشکراون. لە ئێستادا هیچکەس لەبیری ئەو سیما خەمۆکاوییانەی، کە لە تاریکی و تارمایی پشت ئەو خەمە تاریکەی دیوارەکانی زیندانەوە وێڵ کراون، نییە، کە تەنها بەهۆی تاوانگەلێکی هیچ لەدژی یاسا، حەقیان نییە بخرێنە شوێنێکی تاوە. بەدڵنیاییەوە ئەوانیش وەک بێبەختەکانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ناسراون، کە شۆڕش ئەوەی کردووەتە ئامانج: قوربانیانی جەنگێکی ئیمپریالیستی کە ڕەنج و بێنەوایی تا بە کۆتا ئاستی خۆی گەیاند، لەوانە ئەشکەنجەیەک کە جێگای تەحەمول و قبوڵکردن نییە و قوربانیانی ئەو قەسابخانە ترسناکەی مرۆڤەکان، کە بە ناپایەداری ڕۆچوونە ناو غەریزە بنەڕەتییەکەیانەوە.

دادپەروەری چینی بۆرژوازی، جارێکی تر وەکو تۆڕێک بوو، کە ڕێیان بە نەهەنگە دڕندەو گەورەکان دا ڕابکەن و هەڵبێن.لە حاڵێکدا کە ماسیە بچووکەکانی ساردین لە تۆڕەکە گیریان کرد و کەوتنە بەر تەڵەکە قازانجی براوەکان کە لەماوەی شەڕدا بە ملیۆنها پارەیان خستە گیرفانیانەوە، هەموویان، یان بێ گوناح ناسێنران، یان لەگەڵ سزاگەلێکی بێ مانا و مندالانە ڕووبەڕوو بوونەوە، بەڵام دزانی دەوڵەت، ژن و پیاو، بە سزاگەلێکی دراکۆنین (دراکۆنین لە حاکمانی سفاکی یۆنانی کۆن لەپێش سەردەمی ڕیفرۆمی سۆفۆکیل) سزادران.بریندار و برسی و سەرما لە ژووره ئاکەکەسیەکاندا کە بە زەحمەت و بەسەختی گەرم ئەبێت، ئەم وێڵکراوانەی کۆمەڵگە چاوەڕێی لێبوردن بوون.

ئەوان لە نائومێدی چاوەڕێی میللەتگەلێک بوون،کە سەرگەرمی سەرەکییان دڕاندنی گەرووی یەکتری و دابەش

کردنی تاج و تەختبوون. دوا «هێنزولام»(خانەدانی سەڵتەنەتی، کە بەیەکەوە ئیمپراتۆری ئەڵمانیا، بروس، ڕۆمانیایان پێکهێنا) ئەو بێنەوانانەیان فەرامۆشکرد و لە کاتی گرتنە دەستی دەسەڵات، هیچ لێبوردنێک لە ئارادا نەبووە، ئەنانەت لە پشووە ڕەسمیەکانی «کۆیلەکانی ئەڵمانیا»کە ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونی قەیسەرە.

ئێستا شۆڕشی پرۆلیتاریایی ئەبێت بە (لایەنی کەمەوە) کەمێک بە میهرەبانییەوەو بە ئاشکراکردنی ژیانی تاریکی گرتووخانەکان، کەموکوڕیەکانی سزاکانی دراکۆنینوار، ڕووخانی سزانامرۆڤانەکان بە کەڵک وەرگرتن لە زنجیر و جەڵد،پێشکەوتنی باودۆخەکان بەلایەنی زۆرەوە، چاودێری پزیشکیی، چوونە ژوورەوە دابەشکردنی خۆراک و بارودۆخی کار پێپانڕابگات. لە حاڵێکدا کە ئەمە ئەرکێکی پڕ شانازییە. سیستەمی سزای بە ڕەواج، کە بارگاوی بە ڕۆحی توورەی چینایەتی و دوور لە شارستانییە، ئەبێت لە ڕیشەوە گۆڕانی بەسەردا بێت و جێگرەوە و بەدیلێکی هەبێت، بەڵام چاکسازییەکی تەواو لە هاوسەنگی لەگەڵ ڕۆحی سۆسیالیزم، تەنیا ئەتوانێ لەسەر بنەمای سیستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی تازە بەڕێوە بچێت.

بەجۆرێک کە تاوان و سزا بەگوێرەی دوایین شیکردنەوە و شیکارەکان ڕیشەگەلێکی قوڵی لە چۆنییەتی سیستەمی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگایەدا هەبێت. پێوانێکی ڕیشەیی ئەنانەت بێ پرۆسەگەلێکی ئاڵۆزی یاساییش، ئەتوانێت بگیرێتە پێش. سزای لە سێدارەدان، ئەم گەورەترین شەرمە و کاردانەوەی بەلایەنی زۆرەوە بە سیستەمی ئەڵمانیا، ئەبێت بەشێوەیەکی کامڵ نەمێنێ. بۆچی ئەم حکومەتە نوێیەی کرێکاران و سەربازان تا بەم ئاستە دوودڵە؟!

خۆبەزلزانێکی وەکو«بەکاریا» ,»لێدپۆر»،»بارت»، و «دۆمینگ»، ئایا ئەم ناشرینییە بۆ ئێوە بوونی نییە؟!

ئەزانم کە ئێوە کات و هەلی زیادەتان نییە، ئەبێت سەرنجی هەزاران خاڵ بدەن، و هەزاران سەختی و ئەرک لەبەامبەرتانە. هەموو ئەمانە بەتەواوی ڕاستە، بەڵام لەپێشەوە سەرنج بدەن، کە بەڕاستی و بەچ ئەندازەیەک پێویستتان بە کات هەیە، بۆئەوەی :»سزای لەسێدارەدان هەڵبوەشێنرێتەوە!»

ئایا ئێوە باس و گفتوگۆدەکەن و لەهەمبەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی درێژخایەن، بیروڕا وەرگرتن بە



بتهۆڤن

پێویست ئەزانن؟ ئایا خۆتان لە دڵی ئاڵۆزییە ئەشریفانیەکان، لە وردبینییە یاساییەکان،لەپرسیارە خەت سورەکان لە گروپ و بەشەکان لەدەستدەدەن؟!

ئاە! کە چەند ئەم شۆڕشە ئەڵمانییە، ئەڵمانییە چەند باس و گفتوگۆیی و هەڵبژاردنییە !!

چەند وشک و کەس مردوو و جەرگ سووتاو و گەورەیە!!!

سزای لە سێدارەدان لەبیرکراوە، تەنیا یەکێک لەو وردەکاریانە سپێردراوە بە فەرامۆشی، بەڵام تا چ ئەندازەیەک وردبین،ڕۆح و هەلومەرجی ناوخۆیی کە شۆڕش بەڕێوە ئەبات، بەم وردەکاریە بچووکە خیانەت لە خۆی دەکات!! بهێڵن جارێک بەسەر بەشێکی ئاسایی لە شۆڕشی فەرەنسادا بچینەوە. بۆ نموونە، با تەماشایەکی کتێبی وشکی «مێگنێت»بکەین. ئایا کەسێک ئەتوانێت بەبێ سەرئێشە و لێدانی دڵی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە؟؟ ئایا کەسێک لەدوای کردنەوەی کتێبەکە، گرنگ نییە لەکام لاپەڕە بێت، ئەتوانی وەلای بنێیت و بەرلەوەی کە هەناسەت لە ناخدا ڕابگری گوێ لە دوایین گۆرانی ئەو تراژیدیا ترسناکە بگری؟ ئەمەش وەکو سەمفۆنیای بتهۆڤنە، کە بە ناخی یەک ناشرینی و زەبەلاحی هەروەک خێرایی گەردەلوول بەسەر پەیکەری کات، گەورە و شکۆدار، لە دەستکەوت و هەڵەکانی،لە شکەست و سەرکەوتن،لە یەکەمین هاواری منداڵێکی لاواز بە هەموو هەناسەیەوە،ڕۆچووە.

ئێستا بۆ ئێمە لە ئەڵمانیا ئەم ڕووداوە چۆن دەبێت؟

لەهەموو شوێنێک لە شارە گەورە و بچوکەکان، هێشتا و بەردەوام، بوون و کردەوەی هاووڵاتیانی کۆن و بەئەزموونی سۆسیال دیموکراسی بێکەڵک و خاڵی لە نرخ، هەستیان پێدەکرێت، هەروەک ئەوانەی کە کارنەکانی ئەندامێتیان لەلایان هەموو شتێکە و مرۆڤایەتی و ناخ لەلایان هیچ نییە، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین: مێژووی جیهان بێ شکۆداری ناخ و دەروون،بەبێ باوەڕ بەخۆبوونێکی بەهێز و بەبێ کردەوەی ئازادانە و ڕیشەدارانە دروست نەکراوە.

«لیبکنخت»و من،سەرقاڵی ڕۆشتن بووین لەو داڵانەی کە ماوەیەک لەوێ ژیانمان دەکرد،ئەو لەناو هاوزیندانییە ڕەنگ و ڕوو پێوە نەماوەکەی زیندان،و من لەگەڵ دزە فەقیرەکان و ژنە سەرجادەییەکان،لەگەڵ ئەوانەی کە سێ ساڵ و نیو ژیانی خۆیان لە ژێر سەقفێک بەڕێکرد و بەلایاندا تێدەپەڕیم،ئێمە هەردووکمان_هەروەها ئەوانەی کە ئێمەیان بەڕێدەکرد_سوێندمان خواردووە:» کە نابێت ئێوەمان لەبیر بچێتەوە»

ئێمە داوامان لە کۆمینەی بەڕێوەبردنی ئەنجومەنی کرێکاران و سەربازان هەیە، کە پێویستی بە گۆڕانێک و چاکسازیەکی بەپەلە هەیە لە بەرەو باش بردنی زۆرێک لە زیندانیان لەگرتووخانەکانی ئەڵمانیادا.

ئێمە داوا دەکەین کە سزای لەسێدارەدان لە پرۆگرامی سزاکانی ئەڵمانیا هەڵبوەشێنرێتەوە.

لەماوەی کۆمەڵکوژی ئەم چوار ساڵەی مرۆڤەکان، خوێن وەکو سێڵاوێک خوڕەی دێت. ئەمڕۆ هەر دڵۆپێک لەو خوێنە، بەنرخە ئەبێت بە بڕوای ڕاستگۆیانە و دوور لە ڕیابازی لە جامێکی بلوریندا پارێزگاری لێبکرێت.

چالاکی شۆڕشگێڕیی و مرۆڤدۆستی،ئەم دووانە زۆر گرنگن و بە تەنها هەناسەی ڕاستەقینەی سۆسیالیزمن. جیهانێک ئەبێت ژێر و ژور بێت، بەڵام هەرفرمێسکێک کە ئەڕژێ،سەردەمێک کە ئەتوانرێت لەژێر پارێزگاریدا بێت، بەڵام بەداخەوە چالاک ئەبێنەوە،ئەمە تۆمەت لێدانێکە و تاک (ئەوانەی کە چاویان لەسەر نادادپەروەریی نەتوقانوە و بەئاسانی بەلایدا تێدەپەڕن) تاوانێکیان ئەنجامداوە، کە بەبێ بایەخ پێدان و ڕزگارکردنی خۆیان لە باری قورسی بەرپرسیارێتی ئەوە، بە کرمێکی بێ دیفاع لەدڵی خاکدا زیانیان گەیاندووە.

**تێبینی:**

**ئەم بابەتە لە نۆڤەمبەری هەزارو نۆسەد و هەژدە 1918، لەدوا ئازادیی ڕۆزا لۆکزامبۆرگ لە زیندان و کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، نوسراوە.**